# بایۆگرافیای برایم ئەحمەد



باران

ئا: د. لوقمان ڕەئوف

- نوسەرو رۆژنامەنوس و پارێزەر، برایم ئەحمەد، ناسراو بە(بلە) کوڕی ئەحەڕەشی فەتاحەڕەشی کوڕی مستەفایەو لە 06/03/1914 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.

-خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردوە.

-ڕەمزی فەتاح، مامی مامۆستا برایم ئەحمەد، کاریگەری زۆری لەسەر ڕۆشنبیربوونی هەبووە، هەر زووش ناردویەتییە قوتابخانە.

- کاریگەریی مامی تا قۆناغەکانی دواناوەندی خوێندنی هەربەردەوام بووە.

- هەر لەسەرەتای لاویەتیی و لەتەمانی (14-15) ساڵییەوە دەستیداوەتە کاری نوسین و ڕۆژنامەوانی.

- لە تەمەنی 18 ساڵیدا لە ڕۆژنامەی «ژیان» کاریکردووە و نوسینەکانی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

-لە پاڵ نوسیندا کاری سیاسیشی کردووە و لە شۆڕشی ئەیلولدا بەشداربووە.

-ساڵی 1932 چەند وتارو شیعرێکی لە گۆڤاری هاواردا بڵاوکردوەتەوەو لە ڕۆژنامەی ژیانیشدا بە ناوی خوازراو شتی بڵاوەکردەوە.

-ساڵی 1933 بووە ئەندامی کۆمەڵەی لاوان و بەرپرسی دەرکردنی نامیلکە، بۆیە دیوانی شیعری(یادگارو لاوان)ی بڵاوکردەوە.

-ساڵی 1933 رۆمانی (ئاوات و نائومێدی) نوسیوە، بەڵام چاپنەکراوە.

-ساڵی 1933 رۆمانی( هەرزەکاری) و (هەژاری) نوسیوە.

-ساڵی 1935-1937 چەن وتارێکی وەرگێڕاو لە رۆژنامەی البلاددا بڵاوکردەوە.

- لە ساڵی 1937 لە بەغدا کۆلێژی یاسا تەواودەکات و بووەتە وەکیل(ئەوقات) لە سلێمانی.

- لەساڵی 1937 نامیلکەی «الاكراد و العرب»ی بە عەرەبی نوسیوە، ئەمەش هەوڵێك بووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا.

-هەر زوو لەشاری سلێمانی گوێبیستی سرود و هۆنراوەی نیشتمانپەروەری و هەواڵی شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر بووە.

-بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە کاریتێکردووە، جگە لەو هەلومەرجە تایبەتییەی ئەوکاتەی سلێمانی و ڕەمزی فەتاحی مامیشی هەوڵیداوە ئاشنای بکات بە خەباتی و نەتەوایەتیی و سیاسی .



-لەساڵانی سییەکاندا لەگەڵ کۆمەڵێك خوێندکاری کورد لەبەغدا، گروپی «لاوانی کورد»ی پێکهێناوە و گۆڤاری «دیاری لاوان»ی بڵاوکردۆتەوە.

- دامەزرێنەر و لێپرساوی «ژ.ك» لە کوردستانی باشوور بووە، کە سەر بە مەڵبەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە.

-توانی لە زۆر ناوچەی کوردستاندا لق بۆ «ژ.ك»، پاشان بۆ «ح.د.ك» بکاتەوە .

-لەبەر شارەزایی نوسین «پیرەمێرد»ی شاعیر و خاوەنی ڕۆژنامەی ژیان، لە نوسینێکدا ستایشی برایم ئەحمەد دەکات و دەڵێت «ژیان چاوەڕێی ئەم کوردییە ڕەوانەیە، پیرەمێردیش بەهیوای نەوجەوانانە«.

-ساڵی 1942-1944 لە شارەکانی هەڵەبجەو هەولێر دادوەربووە.

- لەساڵی 1939 بۆ ساڵی 1949 لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی گۆڤاری «گەلاوێژ» دەردەکەن.

- 1944 بەهۆی گۆڤاری «گەلاوێژ»ەوە ناچاردەبێت دەست لە کاری حکومی هەڵبگرێت و بووەتەوە بە وەکیل(ئەوقات).

-چەندین جار دوچاری کێشەی سیاسی و راوەدونان بووەتەوە.

- ساڵی1944 بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی( ژ.ک)و لقی سلێمانی دامەزراندوەو بووەتە سەرۆکی ئەو لقە.

-لە 1946/8/16 پاش رووخانی کۆماری مەهاباد،کۆمەڵەی( ژ.ک) گۆڕا بە ( پارتی دیموکراتی کوردستان)، بووە لێپرسراوی بەشی سلێمانی.

- بووە سەرنوسەری گۆڤاری (دەنگی راستی).

-ساڵی 1947 بووە سیاسییێکی دیار.

- لەساڵی 1948 دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی عێراق بەربوونە گیانی شۆڕشگێڕانی کورد، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك زیندانی کرا .

-ساڵی 1949-1956 بووە سەرنوسەری گۆڤاری زمانحاڵی حزب.

-لە شوباتی ساڵی 1951 لەمیانەی کۆنگرەی دووەمی پارتی لە شاری بەغدا، بە کۆی دەنگی کۆنگرە بوویە سکرتیری گشتی پارتی.

-لە هاوینی ساڵی 1951 لەسەر کار و چالاکی سیاسی لە سلێمانییەوە گوێزرایەوە بۆ کەرکوك.

-ساڵی 1953 کۆنگرەی سێیەمی پارتی بە ڕێبەریەتی برایم ئەحمەد سازکرا و لەم کۆنگرەیەدا دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتان و لاوان و قوتابیان پەسەندکرا.

-ساڵی1953 لە کۆنگرەی سێ لە کەرکوک بووە سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان.

- لە ساڵی1953-1958 بەیاننامەو نوسینی گۆڤارەکانی حزبی دەنوسی.

-ساڵی 1956 ڕۆمانی (ژانی گەل)ی نوسیوە، بەڵام ساڵی 1972 چاپکراوەو ساڵی 1980 کراوە بە فارسی و ساڵی 1994 کراوە بە تورکی و فەرەنسی.









- پاش ئازادکردنی تا هەڵگیرسانی شۆڕشی 14ی تەموزی ساڵی 1958 ڕێگایی خەباتی نهێنی گرتە بەر.

- پاش سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕزگاری پێبەخشراوە و هاوکات بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەی «خەبات» یشی کردوە.

- خاوەنی ڕۆژنامەی «کوردستان» بووە، کە ئەو کاتە مام جەلال سەرنوسەری بووە.

-ساڵی 1958 بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی چووە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا بۆ هێنانەوەی بارزانی سەرۆکی پارت.

-ساڵی 1959 چیرۆکی (کوێرەوەری) نوسیوە.

ساڵی 1961 (ژیان و خەبات) ی نوسیوە، بەڵام چاپنەکراوە.

-ساڵی 1961 وەك سکرتێری پارتی و سەرنوسەری ڕۆژنامەی خەبات کاریکردووە.

- لە کۆتایی ساڵی 1961و پێش داخستنی ڕۆژنامەی خەبات و هەڵگرتنی مۆڵەتی پارتی، ناچاربوو شاری بەغدا بەجێبهێڵێت و خۆی بشارێتەوە.

- ساڵی 1961 بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێك لەسەر دەسەڵاتدارانی عێراق، ڕۆژنامەی خەبات و کوردستان داخران و فەرمانی زیندانیکردنیشی بۆ دەرچووە.

- ساڵی1961 ڕۆمانی (دڕک وگوڵ)ی نوسیوە، بەڵام ساڵێ 1991 چاپکراوە.

- ساڵی1961 ڕۆمانی (ژیان و خەبات)ی نوسیوە.

-لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ڕویکردۆتە شاخ و لە ڕووی ڕامیارییەوە شۆڕشەکەی بەڕێوەبردووە.

-ساڵی 1964 تا ساڵی 1971 سکرتێری باڵی نوسینگەی ڕامیاری بووە.

- پاش دوو کەرتبوونی پارتی بەناچاری کشاوەتەوەو بووەتە پەنابەر لە ئێران تا ساڵی1966.

- ساڵی 1972( هەرزەکاری و هەژاری) نوسیوە، بەڵام چاپنەکراوە.

- ساڵی 1975 ، واتە پاش هەرەسی شۆڕش وەک پەنابەر چوو بۆ بەریتانیاو زۆربەی ژیانی لەشاری لەندەن بەسەربردووە.

-ساڵی 1975 (ی.ن.ک) لەگەڵ هاوەڵەکانی دامەزراند.

- ساڵی1979 چیرۆکی( باوک و کور)ی لە بەریتانیا نوسیوە.

- ساڵی1980 چیرۆکی( پرسی شەهید)ی لە بەریتانیا نوسیوە.

-ساڵی1980 لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا گۆڤاری(چریکەی کوردستان)یان دەرکردوە.

-چەندین وتارو چیرۆکی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردوەتەوە.

- چەند شاکارێکی بەنرخ نوسیوە، وەك «ژانی گەل»، «کوێرەوەری»، «دوا تیری کەوان»

- هەموو ساڵێک لە ڕۆژی(4/8)دا ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن، خەڵاتی زێڕینی بلە دەبەخشێتە کۆمەڵێک کەس و دابەشکردنی خەڵاتەکانیش ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە لە کار و پیشەو......تاد وەک کەسی نموونەیی ساڵ لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئەدەب و هونەر و کلتور و .....تاد جێدەستیان دیارە.

- لەکاژمێر(5)ی ئێوارەی( 08/04/2000 )لە تەمەنی(86)ساڵییدا لە شاری لەندەن کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ شاری سلێمانی و لەگردی سەلیم بەگ نێژرا.



براهیم ئەحمەد

